# ماڵێك له‌ ئاو

شـێرزاد حـەسـەن

**سـەرۆکی خـێڵ** زۆر بـە پەلـە هەرهـەموو خێڵەکـەی کـۆ کـردەوەو پێی وتن:

**(ئێـوە هـەر هـەمووتـان دەزانـن کـە ئێمـە لـەم دورگەیـەدا گیرمـان خواردووە، چەند سـاڵ جارێك ژمارەمـان زیـاد دەکـا، وا ئەمسـاڵیش وەك نەریتی بـاوو بـا پیران مەرجـە هەنـدێکتان ئامـادە بـن و ببنـە قوربـانیی خوداوەند، ئاواش نەبێ نە خۆراك بەشمان دەکاو نە ئەو خاکەی لەسەری دەژیـن، وەك جـاران هەنـدێکتان دەخەینـە نێـو بەلـەمێك و بـێ سـەوڵ دەتـاندەین بەدەم ئاوەوە. خۆشبەختە ئەو کەسەی دەبێ بە قوربانی، هەر لێـرەوە.. کـە لـە کـەنار دەریـاوە فڕێمـان دانـە نـاو گێژەلووکـەو شەپۆلەکانەوە، ئیـدی لەوبـەر کـەناری ئـەودیو دێنـە دەرێ و لـەو دونیـا دەگەنە بەردەمی خوداوەندو ژیانێکی تا ئەبـەد خـۆش چـاوەڕێتانە، وەك دەبینن وا ئەمساڵ هەم ژمارەمان زیادی کـردووەو هـەم خۆراکمـان روو لـە کەمییە، لە پاڵ قوربانیانی پیرو پەککەوتە گەرەکـە چـەند کـوڕو کچـە لاوێك خۆ تەیار بکەن بۆ سەفەری ئەو دونیاو ببنە قوربانی).**

لـە بـەردەم مـەرگ بـە خنکـان هـەر هـەمووان دۆش دامـابوون.. سەرۆك خێڵ هەڵیدایە:

**(گــەر وابــێ.. ناچــارم وەك هــەموو جارێــك خــۆم قوربانییــەکان هەڵبژێرم).**

سەرەتا هەرهەموو ئەو پیرەژن و پیرەمێردانـەی کـە سـەریان لـە گـوێی قـەبردا دەلـەرزێ لـەو شـوێنەدا ریـز کـران کـە شـەپۆلەکان سەری خۆیان بە تاشەبەردەکانا دەشکاند.

بە درێژایی ئەو وەختە سـەرۆك، قوربانییـەکانی ریـز دەکـرد تـا

نۆرە هاتە سەر کوڕو کچە لاوەکان کە لەژێر خۆرەتاوی گڕبارانی ئەو ڕۆژەدا فرمێسكو ئارەقەیان هەڵدەڕشت.

بە درێژایی ئەو وەختە کوڕو کچێکی عاشق بێئاگا لە مەرگو خنکانو لە قوربانیو لە گوشادبوون بە دیداری خوداوەندو لە بڕیاری نابەجێی سەرۆك خێڵ چاویان لە یەکدی بڕیبوو، پرشنگی خۆر لەسەر لەشی ئەبەنووسی هەردووکیان شەپۆلی دەدایەوەو لە شوێنێکدا لەسەر ئاوی دەریا، دەنێو بۆشایی ئاسمان، لەسەر خاکدا تێکەڵ بە یەکدی دەبوون.

دواجار سەرۆك بڕیاری دا دوا قوربانی هەڵبژێرێ، دەستی خستە سەرشانی کوڕەی عاشقو خنکاو دەنێو چاوانی دڵخوازەکەیدا.

یەکە یەکە خزانە نێو بەلەمی شەقوشڕ، بێ سەوڵ بە ئاودا دران. دوا قوربانی کوڕەی لەوەندو عاشق خرایە نێو بەلەمێکی چکۆلەو کون تێبوودا، تا لە چاوان ون بوو ئاوڕی لە کچە دایەوە، تاوتاو شەپۆلی شێتانەی کەنار دەریا کە دەتوت لە داخی ئەم لێکدابڕانە سەری خۆیان دەشکێنن لێکدی بزر دەکردن.

هەرهەموو خێڵ بە دەم سەماو هەراو زەناو قریشکەو هاوارو چریکەی سترانەوە ڕووەو ژێر کەپرەکان گەڕانەوە. تاکە کەسێك کە جێما بەسەر بەردێکی لووسو خزی ڕۆخانەی دەریاوە کچەی عاشق بوو کە دەتوت زەرییەو تازە لە ئاوی زەریا دەرهاتووە، بەرلەوەی کوڕەی عاشق دەنێو تەمی دەریادا ون بێ، کەوتە دوای شەپۆلی جێماوو کەفکردوو لە بەلەمی تۆقیو، لەرزیو دەنێو گێژەنی دەریادا، کەوتە دوای بۆنی جێماو.. کەوتە دوای تامی

فرمێسکەکانی کوڕەی لەوەند.. شوێن پێیەکانی.. بەو ئومێدەی کە لەژێر دەریادا بەیەك بگەن، هەر زوو هەردوو پێیەکانی کە لەسەر بەردەکە خزی.. زەری عاشق هێدی هێدی بەرگی ئاوی پۆشی لە قولە پێیەوە.. تا ئەژنۆ.. پاشان کەمەرو تا بن مەمکان.. دواجار وەك گوڵە ئەتڵەسێك کەوتە سەرئاوو شەپۆلەکان رووەو بەلەمی نقومبووی کوڕەی عاشق نەرمە سەمایان پێکرد.. لەوێ.. دوور لە چاوانی بەدبینی سەرۆك خێڵو هەرهەموو خێڵ.. لەژێر دەریادا ماڵێکی خنجیلانەیان لە مرواریو مەرجان دروست کرد.. دیوار ئاوو.. سەربان ئاوو.. شوورە ئاوو دەرگا ئاوو.. پەنجەرەکانیش هەر لە ئاو.. تا هەنووکە وا لەوێن.. دوو عاشقی ئاوی وا لەوێن..!

( 1999 )

سلێمانی